# برینی شمشێر

**خۆرخێ لوییس بۆرخێس**

**له فارسییەوە: کامیل نەجاڕی**

جێگای برینێکی قووڵ خەتی خستبووە سەر روخساری. شوێنی برینەکە بە شێوەی هیلالێکی کاڵ و تەواو بوو کە لە لایەکەوە نێوچاوانی و لە لایەکی ترەوە کۆڵمەی قووڵ کردبوو. گرینگ نییە ناوی راستەقینەی چ بوو. لە "تاکارێم پۆ" هەموو ئەویان بە ناوی ئینگلیسیی "لاکالارادبی" بانگ دەکرد. "کاردۆزۆ" کە خاوەنی زەوی و زارەکانی ئەوێ بوو و حەزی نەدەکرد ئەو شوێنە بفرۆشێ، بۆی گێڕامەوە کە پیاوی ئینگلیسی باسێکی لەناکاوی هێناوەتە پێش و چیرۆکی پڕ رەمز و رازی جێگەی برینەکەی گێڕاوەتەوە. پیاوی ئینگلیسی لە لای سنوورەوە هاتووە. لە "ریوگراند رۆسێل". هێندێك کەسیش هەبوون دەیانکوت لە برازیل قاچاغچی بووە. لەوێ لەوەڕگەی مێگەلەکەی رەونەقی نامێنێ، بیرەکان وشك دەبن و پیاوی ئینگلیسی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ کاروبارەکەی بکەوێتە بڕەو، شان بە شانی کرێکارەکانی کار دەکات. دەیانکوت سەختگیرییەکەی دەگەیشتە رادەی زوڵم کردن و بەڵام بە رادەی زێدەڕۆیی، کەسێکی بە ئینساف بووە. دەیانکوت لە شەراب خواردنەوە دا کەس تۆزی نەدەشکاند. ساڵێ یەك دوو جار لەوبەری هەیوانەکە لە ناو ژوورێکدا دەرگای لەسەر خۆی داخستووە و دوو سێ رۆژ دواتر هاتۆتە دەرەوە و وەك لەشەڕگەڕاوەکان یا ئەو کەسانەی کە لەسەرخۆچوون و تازە وەئاگا هاتوونەتەوە، رەنگ بزرکاو، لەرزۆك و پەرێشان بووە بەڵام قورسایی و راوەستاویی هەمیشەیی خۆی هەبووە. چاوە ساردەکانی و کزیی ماندوویی نەناسانە و سمێڵە خۆڵەمێشییەکانی لە بیر ناکەم. کەسێکی رەمزاوی بوو. راستیتان دەوێ زمانی ئیسپانیاییەکەی کرچ و کاڵ و نیوە برازیلی بوو و جگە لەو نامە تاق و لۆقانەی کە دەگەیشتە دەستی، پۆستخانە هیچی تری بۆ نەدێنا .

دوایین جارێك کە لە ناوچەکانی باکوورەوە تێدەپەڕیم، لافاوێکی لە ناکاو گەلیی بەرتەسکی "کاراگوتا"ی پڕ کرد. بە جۆرێك کە ناچار بووم شەو لە "لاکالارادا" بمێنمەوە. لە ماوەی چەند خولەکێك دا بۆم دەرکەوت هاتنم ناوەخت بووە. چونکە بۆ راکێشانی سەرنجی پیاوی ئینگلیسی، ئەوەی لە دەستم دەهات کردم. سەرئەنجام یارمەتیم لە کوێرانەترین هەستەکان واتا هەستی نیشتمان پەروەری وەرگرت و گوتم: وڵاتێك کە رۆحی ئینگلیسی هەبێ، نشوستی هەڵنەگرە. خانەخوێیەکەم قەبووڵی کرد بەڵام بە بزەیەکەوە درێژەی پێدا: من ئینگلیسی نیم. ئیرلەندی بوو. خەڵکی "دانگاروان". کە ئەوەی گوت بێدەنگ بوو وەك بڵێی رازێکی ئاشکرا کردبێ.

لە پاش شێو خواردن وەدەر کەوتین بۆ ئەوەی سەیرێکی ئاسمان بکەین. باران لێبیکردبۆوە بەڵام لەوبەری داوێنی تەپۆڵکەکانەوە بەرەو باشوور، ئەو هێڵ و قەڵەشانەی بروسکە دروستی دەکرد، هەواڵی باهۆزێکی تری دەهێنا. خزمەتکارێك کە خواردنی بۆ هێنابووین، بتڵێکی ئارەقی

شەکرەقامیشی لە سەر مێزی بەتاڵی نان خواردن جێ هێشتبوو. ئێمە لە بێدەنگی دا دانیشتین و دەستمان کرد بە خواردنەوە.

بە تەواوی نازانم کەنگێ بوو کە تێگەیشتم مەست بووم، نازانم بە هۆی ئیلهامێکەوە بوو یا خود هەژان یا ماندوویی، ئاماژەم بە جێگای برینەکە کرد. پیاوی ئینگلیسی سەری داخست. چەند چرکەیەك بە بیرم دا هات: ئێستا لە ماڵەکەی وەدەرم دەنێ. سەرئەنجام بە دەنگی ئاسایی خۆی ئاوا دەستی پێکرد: "من چیرۆکی ئەو برینە بە مەرجێك بۆ جەنابت دەگێڕمەوە کە لە کۆتایی دا، لە هیچ خوێڕێتی و سەرشۆڕییەك بە ئاسانی خۆش نەبی." و ئەمە ئەو چیرۆکەیە کە ئەو گێڕایەوە. بە تێکەڵاوێك لە زمانی ئیسپانیایی، ئینگلیسی و تەنانەت پۆرتوغالی:

بەرەبەری ساڵی ١٩٢٢، لە یەکێك لە شارەکانی "کانات" من یەکێك بووم لەو هەموو کەسەی کە نەخشەی سەربەخۆیی ئیرلەندیان دادەڕشت. ئێستا لە هاوڕێیانم، هێندێکیان ژیانێکی ئاسوودەیان هەیە، هێندێکی تر بە بێ ئەنجام، لە دەریا یا بیابانەکان، لە ژێر ئاڵای ئینگلیس دا خەریکی شەڕ کردنن، یەکێکی تر کە لە باشترین هاوکارەکانم بوو، لە کازێوەی بەیانی دا بە دەستی سەربازێکی خەواڵووی خوێڕی لە سەربازخانەیەك دا کوژرا. و ئەوانی تر (نەك ئەوانەی کە بەدبەختترین هاوکارەکانم بوون) لە شەڕە بێ ناو و تا رادەیەکیش گوماناوییە نێوخۆییەکان دا لەگەڵ مەرگ رووبەڕوو بوونەوە. ئێمە کۆماریخواز، کاتۆلیك و وابزانم رۆمانتیکیش بووین. ئیرلەند بۆ ئێمە نەك هەر ئارمانجشاری داهاتوو و وڵاتی نابەدڵی ئێستا بوو، بەڵکوو وڵاتێکیش بوو بە گەنجینەیەك لە ئەفسانە تاڵەکان کە لە درێژایی چەندین ساڵ دا دروست ببوون. وڵاتی تاوەری خڕ و زەلکاوی سوور. وڵاتێك کە لەو دا خەیانەتیان بە "پارنێل" کردووە و وڵاتی هۆنراوەگەلێکی قارەمانانەی دوور و درێژ کە لەوان دا باس لە رفاندنی گایەکان کراوە. گاگەلێك کە رۆژگارێك لە شێوەی قارەمانێك دا لە دایك بوون و سەردەمانێك لەشێوەی ماسی و رۆژێك لە شێوەی شاخێك ... لە بیرم ناچێتەوە ئەو پاش نیوەڕۆیەی کەسێك لە گرووپی "مانستێر" رەگەڵ ئێمە کەوت. ناوی "جان وین سێنت مۆن" بوو.

تەمەنی نەدەگیشتە بیست ساڵ. جەستەیەکی پتەو و لە هەمانکات دا گۆشتنی هبوو. ناشیرینیی جەستەی، ئەو بیرەی دەخستە مێشکی مرۆڤەوە کە مۆغەرەی پشتی نییە. بە شەوق و خۆنواندنەوە، نزیك بە تەواوی نامیلکەیەکی کۆمۆنیستیی خوێندبۆوە. بە ماتریالیسمی دیالێکتیك، دەیتوانی هەر گەنگەشەیەك بە دەرئەنجام بگەیەنێ .

ئەو بەڵگانەی کە مرۆڤ بۆ خۆش ویستن یا بێزار بوون لە هەڤاڵەکەی دەتوانێ هەیبێ، بێ ژمارن. "مۆن" مێژووی جیهانی تەنیا و تەنیا لە کێشمەکێشمە پیسە ئابوورییەکان دا دەدیت. و باسی لەوە کرد کە سەداسەد شۆڕش سەردەکەوێ. پێم کوت تەنیا ئامانجە بەباداچووەکان دەتوانن حەزی پیاوێکی راستەقینە بجووڵێنن... شەو بەسەرداهاتبوو. لە حاڵێکدا کە کێشەی ئێمە هەر وا بەردەوام بوو لە هۆڵەکە و پلیکانەکان تێپەڕین و گەیشتینە شەقامی تاریك و نووتەك. حاڵەتەکانی قسەلەڕوویی و راستبێژی و خۆبەدەستەوەنەدانەکەی زیاتر لە بیروبڕواکەی کاریگەریی لەسەر من دادەنا. هاوڕێ نوێیەکەم گەنگەشەی دەکرد و بە روشکاندن و جۆرە تووڕەییەك، خۆی پیرۆز دەنواند.

کاتێك گەیشتینە خانووە دوورەکان، بە دەنگی تەقەی تفەنگێك لە شوێنی خۆمان ڕاوەستاین.(پێش ئەوە یا پاش ئەوە بوو کە لەدیواری بنبەستی کارخانە یا سەربازخانەیەك تێپەڕین). پەنامان بردە بەر جادەیەك کە زبڵ و پیساییەکی زۆر لە سەری کەڵەکە کرابوو، سەربازێك کە لە پەنای ئاگر دا زۆر زەبەلاح دەینواند، لە کۆنەکۆخێك هاتە دەرێ و بە هاوارەوە فەرمانی وەستانی دا. من ڕام کرد. هاوڕێکەم بە شوێنم دا نەهات. سەیری پشتەسەری خۆم کرد. "جان وین سێنت مۆن" لەوێ وەستابوو، دەتکوت سیحری لێ کراوە و وەك بڵێی لە ترسان ببو بە بەرد. گەڕامەوە. بە زەربەتێك سەربازەکەم خستە سەر زەوی. "وین سێنت مۆن"م ڕاتەکاند. پڕجنێوم کرد و فەرمانم پێدا بە شوێنم دا بێت. ناچار بووم قۆڵی بگرم. لە ترسانا فەلەج ببوو. ئێمە بە ناو تاریکایی شەو دا کە پڕ لە بڵێسە بوو ڕامان کرد. بارانێك لە فیشەك بە شوێنمانەوە بوو. یەك لەوان شانی ڕاستی "مۆن"ی بریندار کرد. بە ناو کاژەکان دا کە تێپەڕ دەبووین، هۆڕ هۆڕ دەگریا.

لە پاییزی ١٩٢٣ من لە خانووی هاوینەی "ژێنراڵ بێرکلی" خۆم حەشار دابوو. ژێنراڵ ـ کە هیچکات ئەوێی نەدیبوو ـ ئەوکات ئیشێکی ئیداری لە بەنگال هەبوو. ئەو خانووە کە کەمتر لە سەدەیەك لە دروست کرانی تێدەپەڕی، بۆ نشتەجێ بوون نەدەبوو. تاریك و پڕ بوو لە هۆڵی سەرسوڕهێنەر و ژووری تووناوتوون. قاتی یەکەم، ژووری چەك و کتێبخانەیەکی گەورەی لەخۆ گرتبوو. ناوەڕۆکی کتێبەکان شەڕ و گەنگەشە و وتووێژ بوو کە لە لایەنێکەوە دەربڕی مێژووی سەدەی نۆزدەهەمە. و لە ژووری چەك، شەمشیری نەیشابووریی لێ بوون کە لە کەوانەی تیغەکەیان دا توندوتیژی و بۆنی شەڕ ئێستاش هێلانەی هەبوو. ئێمە چووینە ناو خانووەکەوە. پێم وایە لە ڕێگای ژێرزەمینەوە بوو. "مۆن" کە لێوەکانی وشك هەڵگەڕابوو و دەلەرزی، لە بن لێوەوە وتی: ڕووداوەکانی ئەمشەو سەرنجڕاکێش بوون. برینەکەیم بەست و پەرداخێکم چا بۆ ساز کرد. برینەکەی قووڵ نەبوو. لە ناکاو بە گێژی و زمان شکاوییەوە وتی: کارێکی مەترسیدارت کرد.

پێم کوت: گرینگ نییە. (ئەزموونێك کە لە شەڕی نێوخۆ وەدەستم هێنابوو حوکمی دەکرد هەر ئەو کارە بکەم کە کردبووم. جیا لەوەش گیرانی یەك نەفەر لە ئێمە، هەمووومانی دەخستە مەترسییەوە(.

ڕۆژی دواتر "مۆن" گێژییەکەی ڕەویبوو. جگەرەیەکی لێ وەرگرتم و چەپ و ڕاست لەمەڕ سەرچاوەکانی دارایی حیزبی شۆڕشگێڕی ئێمە پرسیاری لێ دەکردم. پرسیارەکانی زۆر ورد و زیرەکانە بوو. پێم کوت: بارودۆخەکە زۆر هەستیارە. (و ڕاستیشم دەکوت) لە لای باشوورەوە دەنگی تەقینەوە دەهات. پێم کوت: هەڤالان چاوەڕێمانن. پاڵتۆ و دەمانچەکەم لە ژوورەکەم بوون. کاتێك گەڕامەوە، "مۆن" لە سەر قەنەفەکە ڕاکشابوو و وایدەزانی تای لێ هاتووە. باسی لەرزینی بەژانی شانی دەکرد.

ئەو کات بوو کە تێگەیشتم ترسەکەی هەر دەمێنێ. هەر وا سەرزارەکی کوتم: ئاگات لە خۆت بێ و ڕۆیشتم. ئەوەندە لە ترسەکەی بێزار ببووم کە وامدەزانی ئەوە منم دەترسم نەك "وین سێنت مۆن". کرداری مرۆڤێك وەهایە وەك بڵێی هەموو مرۆڤەکان ئەنجامیان داوە. هەر بۆیەش نادادوەرانە نییە ئەگەر نافەرمانییەك لە بەهەشتا هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە و نادادوەرانەش نییە ئەگەر لەخاچ درانی مەسیح بە تەنیا بۆ کڕینەوەی هەموان بەسە. ڕەنگە شوپێنهاوێر هەقی

بوو كە دەیكوت: من خەڵكانی ترم. هەر مرۆڤێك هەموو مرۆڤەكانە و بە لێكدانەوەیەكی تر شكسپێر هەمان "وین سێنت مۆن"ی سووك و چرووكە .

ئێمە نۆ رۆژ لەو خانووە دوور و تەریك كەوتوویە ماینەوە. من باس لە تاقیكردنەوەكان و ساتە پڕ سەروەرییەكانی شەڕ ناكەم. ئەوەی دەمهەوێ بیڵێم، گێڕانەوەی چیرۆكی ئەم برینەیە كە بۆتە داخ لەسەر دڵم. ئەو نۆ رۆژە لە یادەوەریی من دا لە حوكمی یەك رۆژ دایە. جگە لە رۆژێك بەر لە دوایین رۆژ كە هێزەكانی ئێمە بە هێرشێك سەربازخانەیان گرت و ئێمە تۆڵەی ئەو ١٦ هاوڕێیەمان كردەوە كە لە "ئێلفین" كوژرابوون. بەرەبەیان بە كەڵك وەرگرتن لە بووڵێڵی بەیانی لە ماڵ وەدەركەوتین و شەو گەڕاینەوە. هەڤاڵەكەم لە قاتی یەكەم دا چاوەڕێم بوو. برینەكەی رێگای پێ نەدابوو بێتە ژێرزەمینەكە. لە بیرمە كتێبێكی تراژێدیای "ف.ن.مادیا كلۆزۆیتس" لە نا دەستی دا بوو. شەوێك لە لای من دانی پیانا كە زیاتر لە هەر چەكێك حەزی لە تۆپە. پرسیاری نەخشەكانمانی دەكرد. حەزی دەكرد رەخنەیان لێ بگرێ یا پێشنیاری هێندێك گۆڕانكاری بكات و هەروەها هێرشی دەكردە سەر "بارودۆخی كۆڵەواری ئابووریی ئێمە" و بە خەمۆكی و پێداگرییەوە، كۆتاییەكی كارەساتباری پێشگۆیی دەكرد و بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ترسی جەستەیی زۆر گرینگ نییە، لە هێرشبەرییە فكرییەكانی خۆیدا زێدەڕۆیی دەكرد. بەو شێوەیە، چاك یا خراپ نۆ رۆژ تێپەڕی.

رۆژی دەیەم شار كەوتەوە دەست یەكەی "بلك وتانز". سوارگەلی باڵابەرز و بێدەنگ دەستیان كرد بە گەڕان بە جادەكان دا. رەشەبایەكی تێكەڵ بە دووكەڵ و خۆڵەمێش هەڵیكردبوو. لە سووچێكدا چاوم بە جەنازەیەك كەوت. جەنازە كەمتر لە داوەڵێك كە سەربازەكان وەك ئامانجی پێكان لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەكەدا بەكاریان دێنا، كاریگەریی لەسەر یادەوەریم هەبووە. بەر لەوەی خۆر بكەوێتە هەموو شوێنێك لە ماڵ وەدەركەوتم و پێش نیوەڕۆ گەڕامەوە. "مۆن" لە كتێبخانەكە لەگەڵ كەسێكی تر قسەی دەكرد. بە قسەكردنی دا زانیم كە بە تەلەفۆن لەگەڵ كەسێك دەدوێ. ئەو كات ناوی منی برد و ئەوەی كە كاتژمێر حەوت دەگەڕێمەوە و وتی كاتێك كە بە ناو باغەكەدا تێدەپەڕم قۆڵبەستم بكەن. هەڤاڵی ژیری من ژیرانە منی دەفرۆشت و بیستم كە بۆ پاراستنی گیانی خۆی گەرەنتیی دەوێ.

لێرەدا چیرۆكی من تێكەڵ پێكەڵ و ناڕوون دەبێ. دەزانم كە لە داڵان و هۆڵە رەش و ترسێنەر و پلیكانە سەرەوژێر و سەرەگێژەهێنەرەكاندا وەشوێنی كەوتم. "مۆن" خانووەكەی زۆر باش دەناسی. زۆر باشتر لە من. یەك دوو جار لێم بزر بوو. بەرلەوەی سەربازەكان قۆڵبەستم كەن لە سووچێكدا وەچنگم هێنا. لە یەكێك لە كۆلێكسیۆنەكانی ژێنراڵ شمشێرێكم دەرهێنا. بە كەوانەی هیلالیی شمشێرەكە نیوەهیلالێكی خوێنینم بۆ هەموو تەمەنی لەسەر روخساری نەخشاند. بۆرخێس، تۆ لێرە غەریبی بۆیە لە لای تۆ دان بەو شتە دادەنێم. سەركۆنە كردنی تۆ زۆر ناراحەتم ناكا .

لێرەدا بێژەر بێدەنگ بوو. دەمدیت دەستەكانی دەلەرزێ. پرسیم: "مۆن" چی بەسەر هات؟ وتی: ئەو، پارە یەهوودانیشانەكانی هەڵگرت و بەرەو برازیل رایكرد. ئەو پاش نیوەڕۆیە من لە گۆڕەپانەكە گروپێك سەربازم دیت كە داوەڵێكیان تیرباران دەكرد.

من بەخۆڕایی لە چاوەڕوانیی کۆتایی چیرۆك دا بێدەنگ بووم. سەرئەنجام وتم: دەی درێژەی پێ بدە. ناڵەیەك لەشی لەرزاند و بە جۆرێك لە دڵسۆزیی بەپەلەوە، ئاماژەی بە شوێنی برینی هیلال ئاسا و رەنگ بزرکاو کرد و بە پتەپت وتی بڕوا ناکەی؟ نابینی داغی حەیاچوون بە روخسارمەوە لکاوە؟ من بۆیە چیرۆکەکەم ئاوا گێڕاوە کە تۆ تا کۆتایی چیرۆك بە شوێنم دا بێی. من پیاوێکم بە گرتن دا کە ئاگاداریی لێ دەکردم. من "وین سێنت مۆن"م. ئێستا سەرکۆنەم بکە .

****